# دڵێک لەناو تارمایی ڕەنگەکان

پەری شێخساڵح
(سلێمانی)

لەبیرم دێ...
لەگەڵ ئەلف و بێی بێهوودەیی خەیاڵما
خۆم دەخزانە ژێر لێفە زبرەکەی
ئاسمانی ئەم خەڵوەتە پڕ نمایشە
تا خەونی زیویی
بە بەژن و باڵای دارچنارەکانی شارەوە ببینم
دەمگوت:
ئەو دەرگایە دامەخەن
تاریکییەک دەیەوێت بەناو هەزاران خۆری سپی
تێپەڕێت
کە بۆنی یەکەم گڵی ماچ و
بۆنی سەربڕینی وشەی لێ دێ
تێپەڕێت
وەک فڕینی شەمشەمەکوێرەکانی بنمیچێکە کە
بەچاوە نووقاوەکانییەوە بەر نهێنی
شیشی دەرگاکە ئەکەوێت
تارماییەکە لەچاو ونبوو
دارشەقەکانی بەجێمان
لەودیو خشتەسوورەکان کە بە دەستەکانی باوکم
هەڵچنرابوون
درزێک هەیە بەحیکمەتی تەمەنی
لە بەرزیی شوورەکانی وەهم گەورەترە
زۆر جار من دەباتەوە
ناو ساڵەکانی خەتا
ناو چاڵە ساردەکانی بەفر
باوکم بە دایکمی ئەگوت
یەکێ لە وێرانییەکانی ئێرە ئەوە بوو
پەپوولە زوو ئەگریا
کۆتریش دەنکە گەنمەکانی نەئەچنییەوە



بۆڵە ترێکان
وەک مرواری سەوز بە گەردنی زەوییەوە
بە ماتی پێ ئەکەنین
ئاوازژەنەکان هەموو ئێوارەیەک کە ئەگەڕانەوە
کەمانە شکاوەکەیان لە ئێخەیان گیر ئەکرد
کە لە ئاوازی سەر ڕێگەیەک منالێک دەیڵێتەوە
پیرێک دەگری
فرمێسکەکانی دەمەیێت و دواتر هەموو
خۆزگەکانی بە مانگەشەو سپارد
بە کۆمە کۆم هەڵدەستێت
زەوییەکان دەکێڵێت و دەڵێت
ئەم خاکە کونوکەلەبەری مشکە کوێرەکانە
دەبێت هەر بە پاچێکی کۆیلە پڕ بکرێتەوە
درەختەکان وشک بوون لە دوودڵیا باڵندەکان
ناناسنەوە
ئێستا کاتی هەناسەدانە
کێ لەسەر ئەو بستە زەوییە دوا ڕەگ هەڵدەکێشێ
با دەستی لەم یاخیبوونە هەیە
گوڵدانەکانی جوانی دەشکێنێت
تۆ وەرەو مەڵێ درەنگە
با فەلسەفەی زەمەن بارانمان لێ نەسێنێت
تەمەن دەرەقەتی پیربوون نایە
پیربوونیش وەرزی هەیە
ئایندە هەر بۆ یاخییەکانە
تۆ پیاوەتی تامەزرۆییەکانی خۆت
نابەیتەوە بۆ کۆڵانێکی گوماناوی
تاووسەکان لێرە شێوەیەکن لە کەزییەکانی
دووکەڵ
دڵێکن لە تارمایی ڕەنگەکان
ئەوان وەک من و تۆ نین، سەرووی خەونە
وەنەوشەییەکان ئەبینن
لەو دیو پەنجەرە ئاسنینەکانیشەوە
جوانترین هەراکان دەخوێننەوە
هەر هاتوچۆیەک لەو دیوەوە
سەمایەکە لە تەمەنی ژوورەوە کۆنتر

ئێستا ئەم شەوە شەرمنانە لاسارن
هەر چرکەیەک لە تاریکی بەشێکە لە کامڵبوون
بەشێکە لە سەفەر
بەناو ئەستێرەکانی بێدەنگی
حەزێکە لە مۆسیقای چاوەڕوانی
ئەی شەو لێیان گەڕێ
سەیری شەمشەمەکوێرە و تاووس و مشکە
کوێرەکان بکە
چونکە ئەوان ناتوانن عاشق ببن
ناتوانن لە ڕۆحی یەک نەڕنن
لێیانگەڕێ
با لاپەڕەکان هەڵنەدەنەوە و
نۆتەی مارشی ئەبەدی نەنووسنەوە
ئەم زەمانە وایە
هەموو لەیەک دەخوێنن
لەسەر خۆ هەڵواسینی شەمشەمەکوێرەکان
وەک قارچکێکی ژەهراوی
بەسەر دارەڕاکانەوە.
دڵمان بەچی خۆشە؟
بە شنە شنی پەڵەگەنمێک لەبەر تووڕەیی
گێژەڵووکەیەک؟
یان بە ئاسکێکی ترساو کە دەکەوێتە بەر
وەحشەتی هێرشی پڵنگی دڵتەڕەوە
دوای نوێژی شێوان؟
بەبیرمان نایەت
ئێمە خەونمان نەدیبێ و
بە گریانی خۆمان خەبەرمان نەبووبێتەوە
خەونەکانمان بۆ بەلوعە قەوزاوییەکەی
حەوشە دەگێڕایەوەو
دەمانگوت چەند خۆش دەبوو
هەتاوی ساردوسڕی کۆڵان بێ غروور
لەدڵی ئێمە، لە گەرمی خوێنمانا جێگەی هەبوایە.
لە پەنا دارە غەمبارەکانی حەوشە
جگەرەیەکی بکێشایە.